08/08/2004
سەرکان کوردی
sarkankurdee@yahoo.com

# کوردستان نێت، نێتی هەمووانە

ئەوە بۆ شەش ساڵ دەچێت کە کوردستان نێت بوێرانە لە سەر تۆڕی کراوە جیهانی دژ بە دەستەڵاتی تاکرەوی لە کوردستاندا دەدوێت. کوردستان نێت تۆڕگەیەکی ڕاست و درووستی کوردایەتی‌یەو کار بۆ دەرخستنی رووی ڕاستیەکان دەکات. کوردستان نێت بێ جیاوازی بیر و بۆچوونی نووسەرانی هەڵدەسەنگێنێت و گەر ووتارەکان دژی خۆشی بن بێ ترس و بە ڕاشکاوی بڵاوی دەکاتەوە. ئەوە بۆ سائێک دەچێت من لە کوردستان نێتدا دەنووسم و چەندین جار لە لایەن بەرێوەبەرانی کوردستان نێتەوە داوام لێ کراوە کە بە بەڵگەوە نووسینەکانم بڵاوبکەمەوە، بێگومان ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەکە کە کوردستان نێت خەمخۆری نووسەران و ڕەخنەگرانی خۆیەتی و من تەنها لە کوردستان نیتدا بابەتم بڵاو کردۆتەوە چەند بابەتێک نەبێت کە ئەوانەش بێگومان لەبەر گرنگی بابەتەکە بە شوێنەکانی ترەوە کە بڵاوکراونەتەوە تیایاندا دووبارە لەسەر تۆڕگەکانیا بڵاوکراوەتەوە، نموونەیان (مەمک و ژن) کە لە تۆڕگەی ژننامەدا بڵاوکراوەتەوە و (ئاڵای کوردستان) کە لە ماڵپەڕی پاسۆکدا بڵاوکراوەتەوە.

من لێرەدا بۆ یادی 6 ساڵەی کوردستان نێت جگە لە سڵاو پیرۆزباییم هیچی ترم نیە بیڵێم، تەنها ئەوە نەبێت کە داوای برایانەم بۆ نووسەران ئەوەیە کە ئەو بابەتانەی لە کوردستان نێتدا بڵاوی دەکەنەوە با بەس لێرە بڵاوکرێتەوە چونکە بێ گومانبن کە کوردستان نێت نێتی هەمووانە و هەموو کوردیش ڕۆژانە روو لەم سەکۆ ئازادەی کوردستان دەکات.

ئەم ووتە پرمانایەی پاسۆک پێشکەشە بە کوردستان نێتی خۆشەویست

هەر کاروانێ بۆ پرشنگی خۆر بروانێ

کەم بن یان زۆر دەگەنە خۆر

مادام کوردیش بۆ سەربەخۆیی کورد دەڕوانێ ڕێژەی داواکەرانی سەربەخۆیی کەم بن یان زۆر دەگەنە ئاواتیان و کوردستان نێتیش سەر قافڵەیە بۆ داواکردنی سەربەخۆیی لە یەکەم ڕۆژی درووستبوونیەوە، جاری سەربەخۆیی دەداتە گوێی ڕۆشنبیرانی کورد.

لە کۆتاییدا دەستەکانت خۆش کاک عومەری بەڕێز بۆ ئە هەموو ماندووبوونەت بە کوردستان نێتەوە، وە دیارە کە ڕەنجەکەت بە خەسار ناچێ و چی بۆ کورد بکەین هەر کەمە. بە هیوای کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکسان.

هەر بژین بۆ کورد